بەهۆی بارانبارینەوە ئاستی ئاو لە ناوچەی گەلی عەلی بەگ بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە

سەرچاوەیەکی ناوخۆیی ڕایگەیاند، "ئاستی ئاو لە ناوچەی گەلی عەلی بەگ بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە بەهۆی بارانبارینی زۆرەوە لە شەوی ڕابردووەوە، کە بووە هۆی ئەوەی پردێک لە ناوچەکەدا نوقم ببێت، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی وەستانی بارانەوە کەمێک ئاستی ئاوەکە دابەزیوە".

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشکردووە، "بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی سۆران چەندین تیمی ناردووە بۆ ئەو شوێنانەی ئاستی ئاوی بەرزبووە و لافاو تێدا ڕوویداوە"، ئاماژەشی بەوەدا کە "ڕێگای بێخاڵ هێشتا داخراوە بەهۆی کەڵەکەبوونی ئاوەوە".